حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الإدارة و الموارد البشرية

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب . کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان

(ISO 9001:2015)

ژمارە: ٢٠٨٥٠ / ك
ڕێکەوت: / / ٢٧ کوردی

العدد:
التأريخ: ٢٤ / ٧ / ٢٠٢٤

## ڕێنمایی ژمارە ( ١٠ )ی ساڵی (٢٠٢٤)

## هەمواری سێیەمی ڕێنمایی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران و دانانیان لە پایەکان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١

دوا بەدوای ڕێنمایی وەزارەتمان ڕێنمایی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران و دانانیان لە پایەکان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١ی هەموار کراو بە هەردوو ڕێنمایمان ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠٢٢ و ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٤ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩.

**بڕیارماندا بە :** دەرچواندنی ئەم ڕێنماییە هەمواریيە:

**ماددەی یەکەم :**هەموار کردنەوەی خاڵی (٢)ی برگەی سێیەم لە ماددەی چوارەم لە ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ی هەمواری یەکەمی ڕێنمایی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران و دانانیان لە پایەکان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێنەوە:

**ماددەی چوارەم: خاڵی (٢) برگەی سێیەم پلەی (عقید بۆ عمید):**

٢. پێویستە پۆستی (بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی یان بەڕێوەبەری بەش بێت لە یەکێک لە دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ) ، بە مەرجێک ئەو بەڕێوەبەرایەتی و بەشە لە پەیکەری ڕێکخستنی پەسندکراو هەبێت، یان پشکێنەر بێت لە دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، یان ئەندام یان داواکاری گشتی بێت لە دادگاکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان فەرماندەی باڵەکان بێت لە کۆلێژی پۆلیس یان ئەو ئەفسەرانەی کە ناونیشانی (شارەزا) لە دادگای تایبەتمەند وەردەگرن بە پێی یاسای شارەزایان بەرامبەر دادوەری ژمارە (١٦٣ی ساڵی ١٩٦٤) و ماوەی (١٠) ساڵ لە تاقیگەکانی بەڵگەکانی تاوان خزمەت دەکەن و سەرپەرشتی ئەو تاقیگانە دەکەن بە مەرجێک ناسنامەی شارەزاییان هەبێت و ناسنامەکەیان بەسەر نەچووبێت.

**ماددەی دووەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە .

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیـــری ناوخـــو

<u>وێنەیەك بۆ :-</u>

- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان ، بوزانین لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی داد/ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێز بریکاری وەزارەت ، بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێزان ڕاوێژکاران ( ) ، بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا
- گشت پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان/( )بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- گشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتییەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ /( )
- فەرمانگەی یاسایی/ بۆکاری پێویست
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا
- ب.ژمێریاری - ب.پلان دانان . - ب.ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکان - ب.هەماهەنگی و بەدواداچوون - ر
- خولاو .


Addres -Iraq
www.moi.go
العنوان: إقليم كوردستان-العراق
ژ.تەلەفون:٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢
ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق
ئیمەیڵ:info@moi.gov.krd
23/ 07/ 2024

(Burhan )